کورتەی قسەکانی زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب لە مەراسیمی یانزەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبدا لە شاری کەرکوك

# یانزەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزب لە هەموان پیرۆز بێت

بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەم و جوانترینو گەشترین پیرۆزبایی یانزەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبتان پێشکەش ئەکەم..

چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە ئەوزاعی پڕتراژیدیو سیناریۆی ڕەش لە عێراقدا، هەر لە ڕووی نەبوونی ئەمنیەتو نەبوونی هیچ زەمانەتێك بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان، تادەگاتە بێکاری لەڕادەبەدەری دانیشتوانو هەڵواسراوی ئایندەی سیاسی ئەم وڵاتەو نەبوونی هیچ ئیدارەیەکی شەرعیو هیچ دەوڵەتێكو نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەك، وە لەولاشەوە داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو حاکمیەتی دەستەوتاقمی ملیشیایی ئیسلامیو ناسیونالیستی عەشیرەتی، هەموو ئەمانە پاشەکشەیەکی بێوێنەیان بەسەر کۆمەڵگادا فەرز کردوە، بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیو مەدەنیەت داڕوخاوە، ڕۆژانە مافو بەرژەوەندییەکانی خەڵك لەنێو بەرداشی ئێرهابی ئەمریکاو ئیسلامیدا ووردوخاش ئەکرێت، هیچ ئاسۆو بەدیلێك بۆ کۆمەڵگاو هیچ فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیایەك ناتوانێ کۆمەڵگا لەچنگ سیناریۆی ڕەش دەربکێشێو وەڵامی دەوڵەت بداتەوە جگە لە تەرحو بەدیلی ئینسانی کۆمۆنیستەکانو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ئەوە تەنها ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەتوانین خەڵك دەرباز بکەینو کۆمەڵگا بخەینەوە سەر پێی خۆی..

نزیك بە 16 مانگە ڕژێمی بەعس گۆڕی گوم کردوە، بەڵام کۆمەڵگا لەهەموو ڕوەکانەوە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، شکستی سیاسی ئەمریکا لە داتاشینی ئیدارەی گوێلەمستی خۆیو هاوکات قابیلی قبوڵیش لەلایەن جەماوەرو بزوتنەوە جیاجیاکانەوە، وای کردوە کە دەرگای دەسەڵاتی سیاسی تا ئێستاش لەسەر پشتەو هیچکام لە مەسەلەی دەوڵەتو دەستورو یاسای

وڵاتو ئایندەی حکومەت نەبڕاونەتەوەو لەسایەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشیدا ئەم مەسەلەیە بەکراوەیی ئەمێنێتەوە, وە کۆمەڵگاشی لەگەڵ دەیان خەتەرو بەڵای گەورەو گەورەتر بەرەو ڕوو کردۆتەوە، کە یەکێك لەو بەڵایانە پەتای شەڕی ناوخۆو شەڕو ململانیٚ قەومیو تائفیٚیە.

وە ئەڵقەیەکی تری سیناریۆی ڕەش لە عێراقدا ئەگەری ئەم شەڕی قەومیو تائفیٚیەیە کە زەمینەی ڕوودانەکەی لە شاری کەرکوك لەهەموو شوێنەکانیٚتر زیاترەو هەر ئێستا هێزە ڕەشەکانی ئەم پەتایە لەبۆسەدان بۆ یەکتر و زەمینەی خۆشکراوی بۆ خۆشتر ئەکەنو خەڵکییان لەژێر ناوی جۆراو جۆرو مەرامی جۆراوجۆردا لەبەرامبەر یەکتری ڕاگرتوە. هەرکامەیان دێتو بە ئارەزووی خۆی پێناسی قەومی ئەکاتە بەرۆکی شاری کەرکوکەوە، ناسیونالیستە کوردەکان جگە لە کورد باقی دانیشتوانەکەی بەمیوان لەقەڵەم ئەدەنو ئەگەر بۆیان بلوێت هەمان کردەوەی دەرکردنو ڕاگواستنو دورخستنەوە بەسەر خەڵکی غەیرە کورددا ئەسەپێنن، ناسیونالیستە تورکمانەکانی داردەستی تورکیاش بەهەمان شێوە کەرکوك بەشارێکی تورکمان پێناسە ئەکەنو بۆ ئەم مەبەستەش چەندین حزبۆکەی ڕەنگاوڕەنگیان پێك هێناوەو دەوڵەتی شوڤێنیستی تورکیاش بەتەواوی تواناوە پشتیوانی بیٚسنوریان لیٚ ئەکات، تەنانەت دوور نیٚیە کە خودی دەوڵەتی تورکیا ببێتە هۆکاری ئەم شەڕەو ئاگرەکەی خۆش بکات، ئەو وەزعیەتە بۆ ناسیونالیزمی شکست خواردووی عەرەبو پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس هەروایەو ئەوانیش کەرکوکیان کردۆتە ئامانجی ستراتیژی خۆیانو مصیری خۆیانو بزوتنەوەکەیان گریٚداوەتەوە بەوەی کە تا چەند ئەتوانن عەرەبچێتیو هەویەتی عەرەبی بەسەر دانیشتوانەکەیدا فەرز بکەن، وە ئەم فەزایەش بۆ لۆمپەنبازانی ئیسلامی سوننەو شیعە وحزبەکانیان هەروایەو هەرکامەیان ئەیانەویٚ دانیشتوانیٚشارەکە ئەسیری دەستی خۆیان بن.

ئەمە وێڕای چەندین کێشەی تری وەك کێشەی "ئاوارەکان"و "عەرەبە هاوردەکان"و زەویو زاریان، قەبارەی ئەم کێشانە هێندە گەروەن بەجۆرێك کە تا ئێستا ئیدارەی شار نەیتوانیوە بیانکاتە بابەتێکی یەکێك لە زنجیرە کۆبونەوە بیٚ سەمەرەکانیان، چ جای چارەسەرکردنی. وە

چارەسەری ئەم گرفتانەش لە توانای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشیدا نىیە، چونکە خۆیان هۆکاری دروست کردنی کێشەکانن..

تەماشا بکەن لەم جەنگەڵستانەدا تەنها ئومێدو تەنها بەدیل بۆ وەڵامدانەوە، بەغەیری کۆمۆنیزمی کرێکاریو حزبەکەی چی تر شك ئەبەن؟ ئێمە ئەتوانین بەر بگرین بەشەڕیان، ئێمە پرۆژەی گێڕانەوەی مەدەنیەت شك ئەبەین، ئەبێت وەدەریان نێین، وە بۆ پاراستنی حورمەتی ئینسانەکان ئەبێت حاکمیەت بەدەست ئێمەوە بێت.

هەر ئەم جەمعەی کە ئێستا لێرە کۆبوینەتەوە ئەتوانین ببیننە خاوەنی ئەو ئومێدەو خاوەنی ئەو ئاسۆیە بین بۆ خەڵك، ئەگەر عەزمان جەزم بکەین دێتە دەستی خۆمانەوە، دڵنیان هەمومان بۆ ئەو ساتانە دڵمان لێئەدات. بەلشەفىیەکانی عێراقو کوردستان ئێمەین، هەزاران کەس لەدەرەوەی ئەم باخچەیەوە چاویان لەدەستی ئێمەیە، ئێمەش هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەم نىیە، هەر ئەبێت لەدەست خۆماندا بێت.

بژی یادی یانزەهەمین سال ڕۆژی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

بژی حزبی منصور حکمت

ئیوەش سەرکەوتوبن. (چەپڵەی ئامادەبوان)